https://doi.org/10.54809/jkss.vi1.205

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# گرێی پرس بە پێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (G.B) لە زمانی کوردیی دا

**م. عثمان کریم عبدالرحیم**

**بەشی زمانی کوردیی - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت-- زانکۆی سلێمانی**

Othman.abdalrahim@univsul.edu.iq

**پ. أبوبکر عمر قادر**

**بەشی کوردیی- کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی**

abubakir.qadir@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە، بۆ خستنەڕووی لایەنەکانی گرێی پرس بە پێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (G.B) لە زمانی کوردیی دا تەرخانکراوە، کە لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا گرنگیی دراوە بە لایەنی تیۆریی و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە سینتاکسی گرێی پرسەوە لە زمانی کوردیی دا. لە بەشی دووەمدا گواستنەوەکان بە سەر دوو تەوەرەدا دابەشکراون، کە بریتین لە گواستنەوەی سەرپشکیی و گواستنەوەی بەخورتیی. لە هەر یەکێکیاندا بە شێوەیەکی ورد و زانستییانە نموونەی سەلمێنەر خراوەتەڕوو، تیایدا گواستنەوەی سەرپشکیی و بەخورتیی هاوشێوەی زمانی ئینگلیزیی لە زمانی کوردییشدا دیاریکراوە، بەڵام بە هەندێک جیاوازییەوە. ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگ بێت، گواستنەوەی خورتییانە (سینتاکسی)یە، کە بە شێوەیەکی کارەکیی و بە پێی میتۆدی شیکاریی، کاری لە سەر کراوە و بوونی لە زمانی کوردیی دا بەرجەستەکراوە. ئەو کێشانەی رووبەڕووی ئەم توێژینەوە بوونەوە، بریتیی بوون لە جێبەجێکردنی تیۆرییەکی گرنگیی رێزمانی جیهانیی U.G، ئەویش تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە، کە بنەماکانی بە سەر زمانە جیهانییەکانی وەک ئینگلیزیی و فەڕەنسیی دا دابەشبوون، هەندێکجار زمانی کوردیی لە زمانی ئینگلیزییەوە نزیکە و هەندێکجاریش لەگەڵ زمانی فەڕەنسیی دا کۆکە، هەندێکجاریش لەگەڵ هیچ بنەمایەکی ئەو دوو زمانەدا نایەتەوە، چونکە زمانی کوردیی تایبەتمەندیی خۆی هەیە؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەستهاتوون، ئەوەی سەلماندووە کە هەردوو جۆری گواستنەوە لە زمانی کوردییدا هەیە، بۆ نموونە گواستنەوە سەرپشکییەکان هەموویان لە زمانی کوردیی دا نموونەی بەرچاویان هەیە، هەرچیی گواستنەوەی خورتییە بە شێوەیەکی سنووردار لە زمانی کوردیی دا هەیە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پێشنیازی ئەوە کراوە زمانی کوردیی وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ، لەڕێی نموونەکاریی زمانی ئینگلیزییەوە شیکاریی بۆ نەکرێت، بەڵکو دوای شیکردنەوەی ئەو تیۆرانە بە شێوەیەکی ورد و زانستییانە بێت. پاشان لە زمانی کوردییەوە بڕوانرێتە بنەماکانی ئەو تیۆرە زمانەوانییانە.

**کلیلە وشەکان: گواستنەوە، وشەکانی پرس، رستەی پرسیاریی، گواستنەوەی بەخورتیی، گواستنەوەی سەرپشکیی.**

Recieved: 5/10/2022
Accepted: 6/11/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

کەرەستە پێکهێنەرەکانی رستە، بە پێی قاڵبی رستەی زمانەکان جێگیردەکرێن. لەم روانگەیەوە لە رێزمانی بەرهەمهێناندا، قاڵبە رێزمانییەکان بە وشەی فەرهەنگیی پڕ ئەکرێنەوە و یاساکانی گواستنەوەش رێ بە جووڵان و زیادکردن و لابردنی کەرەستە ئەدەن، پرسکردنیش وەک ئەرکێکی بەربڵاوی زمانە، لە گەشەی ئەم رێبازەدا جێگەی خۆی هەیە، بە تایبەت لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا. (قادر.. ٢٠١٧، ١٢٩)

زمان، کە هۆکاری بنجیی فێربوونە، رێکخەری پەیوەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵە، خودی فێربوون توانستێکی گشتیی مرۆڤەکانە، لەگەڵ هەبوونی جیاوازیی لە نێوان تاکەکاندا؛ بە واتا مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە توانستەکەی لەگەڵیدا گەشەئەکات بە پێی تەمەن و رەگەز و ئاستی هوشیاریی و تێکەڵاویی لەکۆمەڵدا، فەرهەنگی زمان و یاسا رێزمانییەکان لەمێشکیدا، چالاک ئەبێت.

هەموو ئەم کردانەش هۆکاربوون بۆ هاتنە ئارای رێباز و قوتابخانە جیاوازەکانی بواری زمانەوانیی، لەم روانگەیەوە لێکدانەوەی گرێی پرس لە رووی بونیاد و تێگەیشتنی تەواو شیکار ئەکرێت، شرۆڤەکردن لەم بوارەدا پەیوەست ئەبێت بە رێباز و تیۆرە جیاوازەکانی لێکدانەوەی پێکهاتەی رستە و واتای هەڵهێنجراو، بێگومان رستە وەک فۆرمێکی سەربەخۆ، لە رووی رێزمانییەوە، ئەچێتە چوارچێوەی دەق، یان وتووێژێکەوە، کە تێیدا ئەرکە جیاوازەکانی زمان دەستەبەر ئەبێت. بڕوانە (فتاح ٢٠١١، ٩)

ئەم توێژینەوەیە، بە رێبازی شیکاریی کاری لەسەرکراوە، بەو پێیەی خودی (چۆمسکیی) کە بە داهێنەری ئەم تیۆرە دائەنرێت، رێبازی شیکاریی کردووە بە بنەما بۆ شرۆڤەکردنی رستەکانی زمان، واتە لە گشتەوە بۆ بەشەکانی رستە و پاشان ئەو جێکەوتانەی لە ئەنجامی گواستنەوەیان لە رۆنانی قووڵەوە بۆ رۆنانی رووکەشی هەر زمانێک چەند رێسایەکی تایبەت بە خۆی پەیرەو ئەکات، کە ئەویش رێزمانی زمانەکەیەتی، کە بەرپرس ئەبێت لە دیاریکردنی جێکەوتەی بنچینەکانی سینتاکسی زمانەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا جێبەجێکردنی ئەو تیۆرە زمانییانەی لە رێزمانی جیهانییدا U.G، (کە بریتین لە شەش تیۆری گشتگیر؛ لە تیۆری رۆنانە سینتاکسییەکانەوە بۆ تیۆری ستاندەرد و فراوانکردن و پێداچوونەوە بە تیۆری ستاندەرد، هەتا ئەگاتە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە G.B، شایەنی وتنە ئەم تیۆرە، بە گرنگترین قۆناغی رێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکیی هەژمار ئەکرێت) لە کاتی جێبەجێکردنیان لە زمانی کوردیی دا، چەندین کێشە سەرهەڵئەدەن ، یەکێک لەو کێشانە وەرگێڕانی زاراوەکانییەتی بۆ سەر زمانی کوردیی، کە بووە بە هۆی سەرهەڵدانی کێشەیەک لە زاراوەسازیی کوردیی دا؛ ئەویش (فرە زاراوەیی)ە. یەکێکی تر لەو کێشانە بریتییە لەوەی ئەم تیۆرە بە چەندین قۆناغی گۆڕانکاریی گەورەدا رۆیشتووە، هەر یەکێک لەو گۆڕانانە گفتوگۆی تری لە بیروبۆچوونەکان هێناوەتە ئاراوە...

ئەم توێژینەوەیە، لە دوو بەش پێکهاتووە و بەشی یەکەم لە دوو پار و یەکەمیان سینتاکسی گرێی پرس، کە لە دوو وەچەپار پێکهاتووە و، وەچەپاری یەکەم بەناوی گرێی پرس بە پێی چەند وەچەتیۆرییەکی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە خراوەتەڕوو، وەچەپاری دووەمیش لێکدانەوەی وشەی پرس لە کارەکانی پێشوودا، بەخستنەڕووی سەرنج و تێبینیی نوێ بۆ هەریەکێک لەو کارانە. بەشی دووەمیش گواستنەوەکانی وشەی پرس بە هەردوو جۆری سەرپشکیی و خورتیی لە دوو وەچەپاردا لێکدراوەتەوە. واتە دوای باسکردنی بنەماکانی

تیۆرەکـە، پێداچوونـەوە بـە کاری بەشـێک لـە توێژەرانـی زمـانی کوردیـی، کـە هـەر یەکێکیـان بـە شـێوەیەکی گشـتیی بـە سـەر بابـەتی گواسـتنەوەدا رۆیشـتوون و تێڕوانینـی خۆیـان لەبـارەوە خسـتووەتەڕوو، لـە کاتی پێویسـت و شـوێنی خۆیانـدا گفتوگۆیـان لـە بـارەوە کـراوە، دواتـر گواسـتنەوەی گرێـی پـرس خراوەتـەڕوو.

١/ سینتاکسی گرێی پرس:

ڕێزمـانی بەرهەمهێنـان و گوێزانـەوە، قوتابخانەیەکـی زمانەوانییـە. لـە سـاڵی (١٩٥٧)ەوە سـەرەتاکەی بـە ڕۆنانـە سینتاکسـییەکان دەسـتپێئەکات و دواتـر بـەرەو تیـۆری سـتاندەرد هەنگاوینـاوە، تیـۆری سـتاندەردی فراوانکـراو و پێداچوونـەوە بـە هەمـان تیـۆر و دواتـر گۆڕانکاریـی و پێشخسـتنی لـە سـاڵی ١٩٨١ لـە چوارچێـوەی تیـۆری دەسـەڵات و بەسـتنەوە (Government and Binding) ، کـە یەکێکـە لـە تیۆرییـە گرنگـەکانی ڕێزمـانی بەرهەمهێنـان و بـە پێـی تیـۆری (X_Bar) لێکدانـەوە بـۆ فۆرمـە سینتاکسـییەکان ئـەکات. ئـەم تیـۆرە گریمانـەی ئـەوە ئـەکات، کـە «هەمـوو کەتیگۆرییەکـی فەرهەنـگ، یـا لێکسـیک، هێـمای X° ی بـۆ دادەنێـت، لـە سـەرێک و تەواوکەرێـک Complement، لەگـەڵ دیاریکارێـک Specifier پێکدێـت.» (دزەیـی ٢٠١٣، ١٠٨) دەسـەڵات و بەسـتنەوە تیۆرییەکـی سینتاکسـییە، کاری سـەرەکیی تیـۆری ئێکسـباڕ لـە سینتاکسـدا ئەوەیـە، تایبەتمەندییـە گشـتییەکانی ڕۆنـان و پێکهاتـەی فرێـزی زمانـەکان بـە شـێوەیەکی گشـتیی و لـە یـەک ڕووکاری ئاساییدا بخاتـەڕوو، لـە چوارچێـوەی بنەمـاکانی زمانەوانیـی گشـتییدا (Universal Language) لـە ڕێـی یاسـایەکی گشـتییەوە کاربـکات و ڕۆنـان و پێکهاتـەی گرێـکان راڤـە بـکات.

بـۆ دەرخسـتنی پۆلـە فەرهەنگییەکانـی گرێیـەک، کـە لـە سـەر (Head) و تەواوکـەر (Complement) پێکدێـت، لای ڕاسـت یـان چـەپ دیـاری ئـەکات. ئـەم زانیاریـی یانـە بـە زمانێکـی دیاریکراوەوە تایبـەت نیـن، بەڵکـو لەگـەڵ زمانـدا ئەگونجێـن و پـاش لێکـدانی پارامێتـەری سـەر و ڕیزبـوونی هەریـەک لـەو نواندنانـە دەرئەکەوێـت، واتـە ئەزانرێـت (Spec) و سـەر و تەواوکـەر چـۆن ڕییـز ئەکرێـن. ئامانجـی سـەرەکیی ئـەم تیـۆرە ڕۆنـانی پێکهاتـە سـەرەکییەکانی ڕسـتە بـە شـێوەی دوو پەلکیـی شـیکار ئـەکات.

ئەگـەر لـە مـاوەی نێـوان ساڵەکانی (١٩٥٧ – ١٩٩٣) لـە قۆناغـی سـەرهەڵدان و گەشەسـەندنی ڕێزمـانی بەرهەمهێنان و گوێزانـەوە وردببینـەوە، ئـەوە ڕوونئەبێتـەوە، کـە دوو جـۆر سـەری گـرێ دەستنیشـانکراوە، یەکەمیان لە سـەرەتای سـەرهەڵدانییەوە تـا قۆناغـی تیـۆری دەسـەڵات و بەسـتنەوە سـەری گرێـکان فەرهەنگییـن و واتـا دیارخـراو ئەبـوو بـە سـەری گـرێ، بـۆ نموونـە دیارخـراو لـە گرێـی ناویـی ئەبـوو ناوێـک بێـت، کـە پێـی ئەوتـرا گرێـی ناویـی، بـۆ گرێـی ئاوەڵناوییـش سـەری گرێکـە ئەبـوو ئاوەڵناوێـک بێـت پێـی ئەوتـرا گرێـی ئاوەڵناویـی، ...هتـد. دووەم لـە تیـۆری دەسـەڵات و بەسـتنەوەوە دەسـتپێئەکات هەندێـک لـە سـەرەکان ئەبنـە سـەری ئەرکیـی واتـە ئەرکـی لـە نـاو ڕۆنـانی گرێکـەدا دیارخـەر بێـت، وەک؛ (ناسراویـی و نەناسراویـی و کـۆ و بانگکـردن)، لەبەرئـەوە DP لەبـری NP بەکارهـات، یـان ئاوەڵنـاو، کـە وەک دیارخـەر بـوو بـە سـەری گرێـی ئاوەڵناویـی AP ١. ئەمـەش لـە پێشـەکی تێـزی دکتـۆرای (Abney ١٩٨٧) دا ئاماژەی پێـدراوە و پشـتگیریی گریمانەکـەی کـردووە.

---

١ . واتە DP لـە سـەرەتای تیـۆرەکانی ڕێزمانـی بەرهەمهێنانـدا بـە NP ناودەبـرا، بـەڵام لـە دوای سـەرهەڵدانی تیـۆری دەسـەڵات و بەسـتنەوەدا ئـەو NPیانـەی دیارخەرەکانیـان؛ ناسراویـی و نەناسراویـی و کـۆ و بانگکـردن بێـت، وەک (کوڕەکـە ، کچێـک، پیـاوان، کچـێ ...) ئـەوا وەک DP ناسـێنرا. هەرچـی AP یشـە؛ ئـەو NPیانـەی ئاوەڵناوێـک ببێتـە دیارخـەری ناوێـک ئـەوا دەبێتـە گرێـی ئاوەڵناویـی AP. وەک (گوڵـی سـوور، کـوڕی زیـرەک ....هتـد).

١-١/ گرێی پرسیاری بە پێی چەند تیۆرێکی دەسەڵات و بەستنەوە:

١-١-١/ تیۆری ئێکسباڕ :

ئێکسباڕ (X-bar) بنەمایەکی گرنگی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە، کە پێکهاتووە لە سەرێک، کە ئەرکێکی سینتاکسی لە رستەدا ئەبینێت، سەرەکانیش بریتین لە یەکەی فەرهەنگیی و ئەرکیی، وەکو (Å, P̊, V̊, N̊ )٢ ئێکسباڕ «وەک مۆدێلێکی رێزمان بۆ پێکهاتەی گرێ، لە رێی رۆنانە سینتاکسییەکانەوە زانیاریی ی سینتاکسیی فۆرمێکی فەرهەنگیی دەخاتەڕوو». بڕوانە (قادر.. ٢٠١٧، ١٣٧) و (سەعید ٢٠٢٠، ١٠٣-١٠٤) هەروەها «تیۆرەکە لە ئاستی پرۆژەسازداندا (Projection Principle) بۆ گرێ (فرێز) و لە ئاستی رێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراویشدا (Projection Principle Extended) بۆ رستە پراکتیزەکراوە ... ئەو کەرەستە فەرهەنگییانەی پرۆژەیان پێ سازئەدرێت بە (X̊) ناو ئەبرێت». (مەعرووف ٢٠٢٠، ٩) و (مقدم ١٣٨٩، ٤٤٧)

لێرەدا تەنیا پرۆژەی گرێ (فرێز) پێشنیازکراوە و لە داهاتوودا پرۆژەی گەورەتری وەک رستە گەڵاڵە ئەکرێت. پێکهاتەی گرێ و رستەکان بە شێوەی درەختیی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەشێوەی دووپەلک دابەش ئەبێت. بڕوانە (یول ٢٠١٤، ١٣٩-١٤٤)

١- [ [کام خوێندکار] [لە وانەکاندا] [سەرکەوتوو بووە؟]] ]




٢- [ [ئەو کتێبە] [هیی کێیە؟] ]




١-١-٢/ تیۆری دۆخی رێزمانیی و رۆڵی بابەتییانە (ثیتا):

زاراوەی دۆخ ئاماژە بۆ فۆرمە جیاوازەکانی گرێیەکی ناویی و، هەندێکجاریش بۆ پێکهێنەرەکانی تری وەک گرێی ئاوەڵناویی ئەکات و، ئەوەستێتە سەر ئەرکە رێزمانییەکانی «گرێ» (محەمەد ٢٠٠٩، ١٨٧) واتە دۆخی رێزمانیی، پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان سەر و تەواوکەرە. (سەعید ٢٠٢٠، ٨٣)

هەموو زمانێکیش سیستەمێکی دۆخی تایبەتی خۆی هەیە، لە هەندێک زماندا دۆخەکە دیارە، وەک ئەڵمانیی و رووسیی و عەرەبیی ...هتد، لە هەندێک زمانی تریشدا دۆخ نادیارە وەک کوردیی و فارسیی و ئینگلیزیی ...هتد. (محەمەد ٢٠٠٩، ١٨٨)

٢ . جگە لەم سەرە فەرهەنگییانە، سەری ئەرکیش هەن، کە بریتین لە؛ (°T°, Agr°, C) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (مەعروف ٢٠٢٠، ١٠)

پاشگری دۆخ، یان نیشانەی دۆخ، بەشێک لە پەیوەندییە سینتاکسییەکان ئەگرنەئەستۆ، کە ئاماژەن بۆ پەیوەندیی سینتاکسیی سەر و تەواوکەرەکان، ئەشێت بەهۆی ئەو نیشانانەوە کەرەستە رییزبووەکانی ناو رستە گۆڕانکاریی تیایاندا رووبدەن. «میکانیزمی پێدانی دۆخ لەنێوان زمانەکاندا پەیوەست بە دەرکەوتنی نیشانەی دۆخەوە جیاوازە، هەروەک لە هەندێک زماندا بە شێوەی ئەبستراکت و لە هەندێکی تریشدا مۆرفۆلۆژییانە نیشانەئەکرێت». (سەعید ٢٠٢٠، ٨٤)، لە زمانی کوردییدا هیچ نیشانەیەک، یان پاشگری دۆخ بەرچاو ناکەوێت. هاوکات لە زمانی کوردیی دا، نە نیشانە و نە پاشگری دۆخ بوونی نییە. رۆنانی گرێکان بە پێی تیۆری (X-bar)، کە لە (X , y) پێکدێت، واتە یەکێکیان سەر و ئەویتریان تەواوکەرەکەیەتی، سەرەکانیش حوکومی تەوکەرەکانیان ئەکەن و «هەر سەرێکی رێزمانیی (دۆخدەر) تەنها یەک دۆخ بە تەواوکەرەکەی ئەدات» (سەعید ٢٠٢٠، ٨٧). دوو جۆر دۆخ بوونی هەیە، یەکەمیان دۆخی نارۆنانیی (بنجیی و فەرهەنگیی) و ئەویتریان دۆخی رۆنانییە، ئەوەی لێرەدا مەبەست لە دۆخی رۆنانییە، بریتین لە:

دۆخی رێزمانیی بکەریی (Nominative case) لە لایەن کرداری کات و کەسدارەوە V′ ئەدرێت.٣ بڕوانە (سەعید ٢٠٢٠، ٣٣٦) بە زۆریی بە گرێی ناویی، جێکەوتەی بکەریی پڕئەبێتەوە. (مەعروف. ٢٠٠٩، ١٠)

٣- کێ کتێبەکەی خوێندەوە؟

بکەر/کارا رێککەوتن ⟵ کات

لە رستەی (٣) ئەو کەسەی کارەکەی بەجێهێناوە (+تاک ، +زیندوو+مرۆڤ)ە، هاوکات گرێ کردارییەکەش (خوێندەوە) دۆخی بکەریی بە (کێ) بەخشییوە، کە وەڵامەکەشی بەهەمان مۆرفیمی رێککەوتن ئەبێت. وەک؛ (ئازاد/ئەو بوو. واتە- ئازاد/ئەو کتێبەکەی خوێندەوە.-) یاخود کەسی پرسیارلێکراو وەڵامبداتەوە بڵێ (من بووم. واتە -من کتێبەکەم خوێندەوە.).

دۆخی بەرکاریی وشە پرسەکان، «کە لە رەگی کردارەوە V° دۆخی بەرکاریی Accusative Caseی پێدراوە.» (سەعید ٢٠٢٠) لە لایەن پرسیارکەرەوە بۆ وەرگرتنی زانیاریی یە، لە سەر دۆخوەرگر، کە وشە پرسەکەیە و بووە بە بەشێک لە (V″)، رێککەوتنی لەگەڵ کارایشدا کردووە.

٤- نازدار کێی بینی؟

⟵ بەرکار

٥- ئەو کامیانی هەڵبژارد؟

i ⟵ i

لە هەردوو رستەی (٤) و (٥) دا لە لایەن رەگی کردار (V°) ەوە دۆخی بەرکاریی بە گرێ پرسەکان دراون.

دۆخی خستنەپاڵ (Genitive Case)

لە لایەن تەواوکەر، کە ناوێک یان جێناوێکەوە ئەکەوێتە دوای ئامرازی خستنەسەرەوە، دۆخی خستنەسەر ئەدات بە وشە پرسەکەوە. (Black 1998، ٣٧)

٣ . ئەمە لەکاتێکدا، پێشتر لە سەر بنەمای زمانی ئینگلیزیی، دەوترا دۆخی بکەریی لەلایەن INFL ەوە دەدرێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (Black 1998، ٣٦).

٦- تۆ چیی منیت؟

کام نووسەر بەناوبانگە؟ (چ نووسەرێک بەناوبانگە؟)٤

دۆخی خستنەسەر، لە هەردوو رستەی (٦) و (٧) دا، لە چەپەوە دراوە، بە کەرەستەی پێش خۆی کە گرێ، یاخود وشەی پرسەکەیە.

دۆخی داتیڤ (Dative Case)

لە لایەن پێشناوەکانەوە دۆخی داتیڤیی بە ناوەکانی پاش خۆیانەوە ئەدرێت، بۆ نموونە:

٨- تۆ بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ئامانج

٩- ئەو لەگەڵ کێ نانی خوارد؟

پێدانی دۆخ لە زمانی کوردیی دا جگە لە گرێ پێشناوییەکان (کە لە راستەوە بۆ چەپە) لە سەرجەم گرێکانی تری زمانی کوردیی دا لە چەپەوە بۆ راستە.

سێتاتیۆری$\Theta$ ، بە یەکەیەکی ناو چوارچێوەی تیۆری پرەنسیپ و پارامێتەرەکانP&P دائەنرێت، (کە زیاتر بە رێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە ناو ئەبرێت)، بە هاوشانی تیۆری دۆخ دائەنرێت و پێکەوە پەیوەندیی نێوان سینتاکس و واتاسازیی روون ئەکەنەوە. (Kasper ٢٠٠٨, ٦٤) بەوەش لە تیۆری دۆخ جیائەکرێتەوە، کە ئارگومێنت دەربڕی رۆڵی بابەتانەیە...واتە ئارگومێنت پێویستیی سیمانتیکیی تێرکردن و پڕکردنەوەی جێکەوتە بۆشەکانی پریدیکاتە. (سەعید ٢٠٢٠، ٥٦) هەرچی تیۆری دۆخە پەیوەندییەکانی بە شێوەی دووتیرەیی/ هەڕەمیی خۆی ئەنوێنێت. بڕوانە (مەعروف. ٢٠٠٩، ١١)

لە تیۆری GBدا پێدانی رۆڵی سێتا/سیمانتیک لە لایەن کردارەوە بە ئارگومێنتەکانی پێش خۆی لە درووستەی قووڵدا ئەبێت. بە پێی ئەم پێوەرە ئەگەر ئارگومێنتێک زیاتر لە رۆڵێکی سێتا وەربگرێت، ئەوا لادانە لە تێۆرەکە و ئەنجامەکەشی رستەکە نادرووست ئەبێت. بڕوانە (قادر: ٢٠١١، ٥٥)

١٠- چیی/ بەردەکە پەنجەرەکەی شکاند.؟ (ئامراز)

لە (١٠)دا شتێک لە جێکەوتەی بکەردایە و بووەتە هۆکارێک کاری کردووەتە سەر کارتێکراو (پەنجەرەکە) و دواتر رووداوەکەی بەسەردا هاتووە.

١١- ئاری کتێبەکەی بەکێ/ئاوات بەخشیی.؟ (سوودوەرگر)

لە نموونەی (١١)دا تەنیا یەک رۆڵی واتایی بە هەر یەکێک لەو ئارگومێنتانە بەخشراون. هەرچی گرێ پرسیارییەکەیە، بە سوودوەرگر دائەنرێت.

١-٢ / گواستنەوەی وشەی پرس بە پێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە GB لە کارەکانی پێشووتردا:

پرۆسەی گواستنەوە بە چوار قۆناغی بنەڕەتییدا ئەڕوات، لە قۆناغی یەکەمدا لە لایەن توانستە زمانییەکەی

---

٤ . هەردوو رستە پرسیارییەکە لە رووی رۆنانەوە جیاوازن، هەرچی وشەی پرسی (کام) بێت ئەوا (نووسەر/دیارخراو) مۆرفیمی /-ێک/ وەرناگرێت، وشەی پرسی (چ/چیی) هەمیشە ناوی پاشخۆی (واتە دیارخراوەکەی) مۆرفیمی /-ێک/ی نەناسراویی وەردەگرێت، بەڵام لە رووی واتاییەوە هەردوو رستەکە نزیکن، ئەوەی لە یەکتریان جیا دەکاتەوە ئەوەیە (کام) هەڵبژاردنی نووسەرێکە لە ناو چەند نووسەرێکی تردا، هەرچیی (چ/چیی)یە لەناو هەموو نووسەراندا تەنیا نووسەرێک بەناوبانگە.

تاکەوە وەرئەگێڕدرێت، ئەم قۆناغە بنەڕەتییە، لە ڕۆنانی قووڵدا پێک ئەهێنرێت، و یاسای گشتگیر حوکومی ئەکات. لەقۆناغی دووەمدا هەڵبژاردنی وشەکان لە پێکهاتە سینتاکسییەکانەوە دەستپێئەکات و لەلایەن ڕێسای فەرهەنگیی Lexical rule ەوە حوکوم ئەکرێت. لە قۆناغی سێیەمدا ڕۆنانە قووڵەکە بەهۆی وشەکانەوە بۆ ڕۆنانی ڕووکەش ئەگوێزرێتەوە، بە ڕێسای گواستنەوە Transformational rule حوکوم ئەکرێت. لە قۆناغی چوارەم و کۆتاییدا ڕۆنانی ڕووکەش بەهۆی دەنگەکان(قسەکردن) ەوە وەرئەگێڕدرێت، لێرەشدا بە ڕێسای مۆرفۆفۆنەمیکMorphophonemic rule و ئەکرێت. (عمامة ١٩٩٦، ١١٢)

تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە GB و وانەکانی دەسەڵات و بەستنەوە LGB لە ئاکامی ئەو چاکسازیی و گۆڕانکارییانە، لە ساڵەکانی (١٩٦٥ و ١٩٨٠ و ١٩٨١)دا چۆمسکیی، کە لە هەردوو کتێبی وانەکانی دەسەڵات و بەستنەوەدا لە ساڵی (١٩٨٢) خستویەتیەڕوو، کە لە کۆمەڵێک تیۆریی بچووک "Sub. Theories" پێکهاتووە ... بە پێی بنەماکانی GB، ڕستە لە «سێ ئاستی دروستەیی سەرەکیی پێکهاتووە: دروستەی قووڵ (بنەڕەت) DS و دروستەی ڕووکەش SS و فۆرمی لۆژیکی LF « (مەحوی ٢٠١٠، ١٨)

هەرچەندە زۆرینەی گواستنەوەکان لەنێوان هەردوو ڕۆنانی قووڵ و ڕۆنانی ڕووکەشدا ڕووئەدەن و، دواتر ڕۆنانی ڕووکەش بۆ هەردوو تیرەی فۆرمی لۆژیکیی و فۆرمی فۆنەتیکیی، واتە فۆرمی لۆژیکیی بەرپرسە لەدەربڕاوی لۆژیکیی. ئەبێت فۆرمی فۆنەتیکی بەرجەستەی لۆژیک بکات. کەواتە فۆرمی لۆژیکیی لە دروستەی ڕووکەشەوە وەرئەگیرێت و ئەنوێنرێت و ئەخرێتەڕوو. بەم جۆرە فۆرمی لۆژیکیی ئاستێکە، کە نواندن و داڕشتەی سینتاکسیی ڕستەیەک و واتاکەی بەیەکەوە گرێئەدات. (مەحوی ٢٠١٠، ٢٠)

ڕستەی پرس لەم تیۆرەدا، لە لایەن زمانەوانانی کوردەوە قسەی بەرچاوی لە سەر کراوە، هەندێکیان لە چوارچێوەی کارەکەیاندا سەبارەت بە گواستنەوەی گرێی پرس، لە ڕوانگەی سیستمی زمانی ئینگلیزییەوە ئەڕواننە گواستنەوەی وشەی پرسی زمانی کوردیی، بەمەش، ڕاستەوخۆ بڕیاری بریندارکردنی بنەمایەکی گرنگیی تیۆری (دەسەڵات و بەستنەوە) لە زمانی کوردیی دا ئەدەن ٥. هەندێکیشیان پێیانوایە قەرەبووکردنەوەی ئەو بنەمایە لە ئاستی لۆژیکییدایە و بەهۆی فۆکەسەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ سەرەتای ڕستە٦، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیی دا ڕستەی پرسیاریی شێوە داڕشتنی بۆ ئەکرێت بەهۆی گواستنەوەی ئاشکرای گرێ پرسیارییەکانەوە بۆ Spec ی CP.

ئەمانەش نموونەی چەند بۆچوونێکن، لە سەر گواستنەوەی گرێی پرس لە زمانی کوردیی دا:

١/ لە ڕستەی پرسیاردا جێگۆڕکێی دانە پێکهێنەرەکان کەمتر ڕێگەی پێ ئەدرێ ، کە پرسیار بۆ یەک مەبەست بێت،٧ وەک:

١٢- «کێ ئەچێت بۆ قوتابخانە؟

* بۆ قوتابخانە کێ ئەچێت ؟

* ئەچێت بۆ قوتابخانە کێ؟ « (أ. قادر ١٩٩٣، ٧)

بەڵام لە گرێی پرسی (کوا)دا ئەڵێت : «تەنیا کاتێ بۆ پرسیارکردن لە شوێن بەکاردێ کە کاری ڕستەکە

٥ . بڕوانە (مەحویی. ٢٠٠١) و (قادر. ٢٠٠٩).

٦ . بڕوانە (قادر، ٢٠٠٨) .

٧ . (ئەبوبەکر عومەر قادر) نامەی ماستەر بە ناونیشانی (پرسیار لە زمانی کوردیدا) لە ساڵی ١٩٩٣.

(بـوون) بێـت بـۆ ئیسـتا» (أ. قـادر ١٩٩٣، ٥٩) ئـەم نمونانـەشی بـۆ هێناوەتـەوە:

١٣-أ- کوا کتێبەکە؟

ب- کتێبەکە لە کوێیە؟

پ- مناڵەکان کوان؟

ت- مناڵەکان لە کوێن؟

د - کوان مناڵەکان؟

بـە واتـا، گواسـتنەوەی گرێـی پـرس تێیـدا بەدیئەکرێـت، وەک فۆکەس/تیشـکۆ گـرێ پرسـەکە هێنراوەتـە پێشـەوە، ئـەم دیاردەیـە لـە زمـانی کوردیـی دا بـە گواسـتنەوەی سەرپشـکییانە ناوئەبرێـت. بڕوانـە (٢-١)

٢/ گوێزانـەوەی گرێـی پـرس لـە زمانی کوردیـی دا «بـە بـەراورد بـە زمـانی ئینگلیـزی بـوونی نییـە. (محەمـەدی مەحویـی) ئەڵێـت: «هیـچ چەشـنێکی رسـتەی پرسیار لـە ڕێزمـانی کوردیـی دا جۆرێـک لـە جـۆرەکانی وەچـە پێکهاتە گواسـتنەوە، لـە سینتاکسـەکەیدا نیشـان نـادات». ئـەم نموونانـەشی بـۆ هێناوەتـەوە٨:-

١٤- «پەخشان لە کوێ بوو؟

١٥ - تۆ کێ ئەناسییت؟» (مەحویی. ٢٠٠١، ١٩٤)

دواتـر لـە پەرەگـرافی یەکەمـی لاپـەڕە (٢٨١)ی کتێبـی (رستەسـازیی کوردیـی) دا (محەمـەدی مەحویـی)، ئەڵێـت: «هەندێـک زمـانی دیاریکـراوی وەک ئینگلیزیـی لـە رستەسـازییدا جێبەجـێ ئەکرێـن و یاسـاکانی LF و وشـەی پرسیار بجوڵێنـە و یاسـای هێنانەپێـش و قورسایی خستنەسـەر لـە زمـانی چینیـی دا لـە پێکهاتـەی LF دا جێبەجـێ ئەکرێـن ... دواتـر ئەڵێـت: وای بـۆ ئەچـم، کـە ئـەم یاسـایانە لـە زمـانی کوردیـی دا ئاشـکرا کاریگـەر دەبـن و داڕشـتەی نادیاریـان هەیـە». (مەحویـی. ٢٠٠١، ٢٨١) ئەگـەر ئـەم نموونەیـەی زمـانی ئینگلیـزی وەربگیرێـت، ئـەوا بـە ئاشـکرا و بـێ هییـچ دوو دڵییـەک ئـەوە دەرئەکەوێـت، ئـەو بۆچوونانـەی سـەرەوەی زمـانی کوردیـی بـەراورد بـە نموونەیەکـی وەک ئەمـەی خـوارەوەی لەگـەڵ زمـانی ئینگلیزییـدا کـراوە:

١٦- a- John is a doctor.

b-Is john a doctor?

ئـەوە روونئەبێتـەوە، کـە بەهـۆی بـوونی کـرداری یاریـدەدەرەوە لـە زمـانی ئینگلیزیـی دا گوێزانەوەکـە ئاسـانترە، بـە هاتنـە پێشـەوەی کـرداری یاریـدەدەر بـۆ سـەرەتای رسـتە، راسـتەوخۆ رسـتەی پرسـیاری درووسـتکردووە.

١٧-أ- دلێر پزیشکە.

ب- ئایا دلێر پزیشکە؟

سـەرەڕای هاتنـی وشـەی پرسـی (ئایـا) بـۆ سـەرەتای رستەکە لـەو نموونەیـەی سـەرەوە(١٧-أ و ب) ، کـە راسـتەوخۆ رسـتەی پـرسی درووسـتکردووە، بـەڵام هییـچ گوێزانەوەیـەک لـەو رسـتەیەدا بەدینەکـراوە. داڕشـتەی رسـتەی پـرس بەهـۆی زیادکـردنی وشـەکانی پرسـی (ئایـا ، ئـەرێ ، ئاخـۆ ، ...) رسـتەکە لـە هەواڵییـەوە دەگـۆڕێـت بـۆ پـرس، ئەکرێـت ئەمـە لـە زمـانی کوردیـی دا، بـە گواسـتنەوەی سەرپشـکیی و بـە (زیادکـردن Addition) ناوببرێـت:

١٨-أ- <u>تۆ خوێندکاریت.</u>

٨. (محەمـەدی مەحویـی) لـە سـاڵی (٢٠٠١)دا و لـە کتێبـی (رستەسـازیی کوردیـی) هەروەهـا لـە کتێبـەکانی دواتریـش جەختـی لەسـەر هەمـان بۆچـوون کردووەتـەوە.

ب- ئایا/ ئەرێ/ ئاخۆ تۆ خوێندکاریت؟

١٩- أ- ئاوات بەیانی زوو ئەڕواتەوە بۆ کەرکووک.

ب- ئایا/ئەرێ/ئاخۆ ئاوات بەیانی زوو ئەڕواتەوە بۆ کەرکووک؟

ئەوەی لەو نموونانەی سەرەوە تێبینیەکرێت، ئەوەیە، وشە پرسەکە وەک شوێنگرەوەی کرداری یاریدەدەری زمانی ئینگلیزیی هاتۆتە سەرەتای رستە هەواڵییەکە و رستەیەکی پرسیاریی درووستکردووە، واتە دارشتەی ئەم جۆرەی رستەی پرسیاریی بەهۆی ئەو پارتیکڵانەوە راستەوخۆ ئەچێتە سەرەتای رستەکە و چەمکی پرسی گەیاندووە و، بە هەمانشێوەی زمانی ئینگلیزی رستەی پرسیارییەکە وەڵامەکەی بە بەڵێ و نەخێر ئەبێت.
هەرچەندە دیاردەی گواستنەوە بە پێی رێزمانی دەسەڵات و گواستنەوە تەنانەت لە زمانی ئینگلیزییشدا سنووردارە و هەر تەنیا بە هێنانە پێشەوەی کرداری یاریدەدەر درووست نابێت، کە بەشێکە لە کردارە سەرەکییەکە، بەڵکو ئەبێت لەگەڵ بکەر و دیارخەرەکەیدا رێککەوتن بکات. (Black ١٩٩٨, ٢١-٢٢) ئەم نموونانەش وەک بەڵگە بۆ بۆچوونەکانی (Black) هێنراوەتەوە:-

٢٠- a. Sally has declined the job -سالی کارەکەی لەدەستداوە.

b. Has Sally declined the job? - ئایا سالی کارەکەی لەدەستداوە؟

c. *Has Sally declines the job?٩

d. *Has Sally might decline the job?

e. *Might have Sally declined the job?

f. *Might Sally have declined the job?

g. *Declined Sally the job?

٣/ یاساکانی گواستنەوەی رستەی زمانی کوردیی بریتیین١٠ لە یاسا گشتییەکانی گوێزانەوە، یاسا تایبەتییەکانی گوێزانەوە، کە ئەمیش ئەبێت بە دوو ئاست: أ) یاسا خورتییەکان. ب) یاسا سەرپشکییەکان. لە یاسا سەرپشکییەکاندا هەریەک لە (نەرێکردن و پرسیار و فەرماندانی دیارییکردووە، کە ئەتوانرێت یاساکە پیادە بکرێت یان نەکرێت. ئەم شێوانە لەخۆئەگرن:. ١) لادان ٢) جێگۆڕکێ ٣) جێگریی ٤) کۆپییکردن ٥) زیادکردن. (کمال ٢٠٠٢، ٥٨-٥٩)

لە لاپەڕە (٧٣)ی نامەی (رێزمانی کوردیی روانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە) دا پرۆسەکەی بەم هاوکێشەیەی خوارەوە خستۆتەڕوو:

أ + ب + ج     د + ب + ج     (أ) لابراوە و (د) هاتووە

جێگری ⟸

أ + ب + ج     أ + د + ج     (ب) لابراوە و (د) هاتووە

جێگری ⟸

٩ . لە رووی رێزمانییەوە (v+s) لە رستەیەکی هەواڵییدا ئاساییە (s) بچێتە سەر کردارەکە چونکە لە تافی رانەبردوودایە رێککەوتن لەگەڵ جێناوی سەربەخۆی بکەری (he , she , it) دەکات، (sally)یش رۆڵی (she) دەبینێت، بەڵام کاتێک (has) لە رستەکەدا بوونی هەبوو ئەوا راستەوخۆ (s) لادەبرێت و، تەنیا کردار یان (base)ەکە دەمێنێتەوە، ئەمەش تایبەتمەندییەکی زمانی ئینگلیزییە. رستەکانی (20- d , e , f, g) هەمان هەڵە دوبارەبووەتەوە بۆیە هێمای نارێزمانیی بۆ دانراوە. بڕوانە (Black 1998, 21-22)

١٠ . (دیار عەلی کەمال) لە نامەی ماستەرەکەیدا بە ناونیشانی (رێزمانی کوردیی روانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە).

أ + ب + ج        أ + ب + د        (ج) لابراوە و (د) هاتووە

جێگری ⬅

(أ ، ب ، ج )ی بە کەرەستە سەرەکییەکانی رستە داناوە.

(د) وشەی پرسیار – بە پێی گونجاندنی لەگەڵ رستەکە.

سەرەڕای ئەوەی هەموو نموونەکانیشی هەر بە جێگری هێناوەتەوە، بەڵام ئەوەی تێبینیی ئەکرێت، لە هاوکێشەکان و نموونەکانیشدا هیچ گواستنەوەیەکی نیشان ، هەموو گرێ پرسەکان جێگەی کەرەستەکانی ناو رستە هەواڵییەکە ئەگرنەوە. واتە ئەتوانرێت کەرەستەی بنجی لاببرێن و لاوەکیی بێن، کە ئاماژەن بۆ جێگیرکردنی گرێی پرس.

٤/ (ڤیان سلێمان ) لە وەچەپاری شوێنپێی وشەی پرس١١ [ئەنافۆر/ جێناو]دا باسی گواستنەوەی وشەی پرسی لە کرمانجی سەروودا کردووە و ئەڵێت: «بەپێچەوانەی زمانی ئینگلیزیی گواستنەوەی وشەی پرس روونادات» (حاجی ٢٠٠٧، ١٤٩)

ئەم نموونەیەشی شییکردووەتەوە:

٢١- ئەرێ تە نان خوارییە؟

(ڤیان سلێمان)، ئەڵێت: «لێرە بەهۆی جێناوی ئەرێ پرسیارەکە لە هەموو زانیاریی یەکانی ناو رستە ئەکرێت بۆیە پێشبینی ئەکرێت...». (حاجی ٢٠٠٧، ١٥١)

پێویستە ئەمە ڕاستبکرێتەوە (ئەرێ/ئایا/ ئاخۆ) جێناو نین، بەڵکو ئامراز، یان پارتیکڵن و بەهۆی زیادکرنەوە بۆ سەرەتای رستە هەواڵییەکە چەمکی پرس ئەگەیەنن .

٥/ لەبارەی گواستنەوەی وشەی پرسەوە (کاروان عومەر) ١٢، نوسیویەتی: «ئەم گواستنەوەیە (گواستنەوەی گرێی پرسیار) لە زمانی کوردیی دا نییە، چونکە درووستەی رستەی پرسیار و دروستەی قوڵی زمانی کوردیی وەکوویەکن» (قادر، ٢٠٠٨، ٣٠)

جیاوازیی ئەم بۆچوونەش لەگەڵ بۆچوونەکانی پێشووتردا ئەوەیە، کە گواستنەوەی وشەی پرسی رەتنەکردووەتەوە، بەڵکو ئەڵێت: ئەو «گواستنەوەیەی پەیوەست بە بەرهەمهێنانی رستەی باسمەندەوە پێشبینیی ئەکرێت، هەیە». (قادر، ٢٠٠٨، ٣١) هەروەها دواتر لە بەشی (تیشکۆ «Focus» لە دروستەی زانیاریی دا) ئەڵێت: «بە پێی تیۆرەکە/ دروستەی زانیاریی رستەی پرسیار هەمیشە زانیاریی زانراوی تێدایە، هەم بۆ قسەکەر هەم بۆ گوێگریش، لەبەرامبەریدا رستەی وەڵام هەمیشە زانیاریی نوێ یان داواکراوی نەزانراوی تێدایە». (قادر، ٢٠٠٨، ١٢٥)

زمان وەک کۆدێکی پەیوەندییکردن هەڵگری زانیاریی ی کلتوریی و دەوروبەرە جیاوازەکانە، دوو هاوڕێ زانیاریی هاوبەشیان هەیە، ئەگەر یەکێکیان پرسیار لەوی تریان بکات، کەسی پرسیارلێکراو بەشێک لە زانیاریی پێشینەی لەبارەی پرسیارەکەوە ئەزانێت، بەلایەنی کەمەوە مەبەستە شاراوەکانی پشت پرسیارەکە دەزانێت بۆیە بە سانایش وەڵام ئەداتەوە.

هەروەها لە لاپەڕە (١٤٨)دا (کاروان عومەر)، ئەڵێت: «لە رستەی پرسیاری زمانی کوردیی دا، کە بە وشە

١١ . ڤیان سلێمان حاجی، لە تێزی دوکتۆرای (کەرەسە بەتاڵەکان لە روانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە - شێوەزاری کرمانجی سەروو).

١٢ . (کاروان عومەر قادر) لە نامەی ماستەرەکەیدا بەناونیشانی (رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا).

پرسەکانی (کێ ، کەی ، چی ، چۆن ، چەند ) دروستئەکرێت و لەجێی خۆیاندا ئەمێننەوە بێ گواستنەوەی سینتاکسیی، بەڵام بەهۆی ئەو هێزە تایبەتییەی لەدەربڕینیاندا بەکاردێن لۆجیکیانە دەرهێنراون و خراونەتە حاڵەتی تیشکۆ- Focusەوە». هاوکات ئەڵێت: «ئەم گرێ پرسیارانە ناتوانرێن سینتاکسییانە بگوێزرێنەوە چونکە خۆیان لە ئاستی قوڵدا بە هۆی هێنانە پێشەوەی لۆجیکی وەک رستەی باسمەند دەرهێنراون». ئەم نمونانەی وەک بەڵگە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی هێناوەتەوە:-

٢٢- أ-»نەوزاد کێی کوشت؟ کێ نەوزاد کوشت١٣؟*

ب-نەوزاد کەی ئەگات؟ کەی نەوزاد ئەگات ١٤؟*

پ-نەوزاد چیی ئەکات؟ چی نەوزاد ئەکات؟*

ت-نەوزاد چۆن ئەڕوات؟ چۆن نەوزاد ئەڕوات١٥؟*

نەوزاد چەند پێنووسی ئەوێت ؟ چەندی پێنوس نەوزاد ئەوێت ؟*» (قادر، ٢٠٠٨، ١٤٨)

بەڵام لێرەدا بۆچوونێکی پێچەوانەی ئەمە هەیە، کە ئەڵێت: «ئەگەر هاتوو وشەی پرس رۆڵی ئاوەڵکرداری بینی، لە روانگەی ئەرکی ئاوەڵکردار، یان گرێ (فریز)ی پێشناوی ئەوا ئەتوانرێت سەرپشکانە جووڵەی پێبکرێت». (قادر.. ٢٠١٧، ١٣٢-١٣٣) چونکە ئاوەڵکردار وەک کەرەستەیەکی نابنجی جێگۆڕکێی پێئەکرێت، لەبەرئەوەی گرێی ئاوەڵکرداریی نە دۆخدەرە و نە دۆخیش وەرئەگرێت، هاوکات مەرج نییە هەموو سەری گرێیەک دۆخدەر بێت، لەبەرئەوەیە، هیچ بەربەستێک لەبەردەم جووڵەکانی گرێی ئاوەڵکرداریدا نییە، بۆ نموونە:

٢٣- أ- ئێوە کەی دێن؟

ب- کەی ئێوە دێن؟

٢٤- أ- ئێوە بەبۆنەی چییەوە هاتوون؟

ب- بەبۆنەی چییەوە ئێوە هاتوون؟

٢٥- أ- ئێوە چۆن هاتن؟

ب-چۆن ئێوە هاتن؟

وەک دەبینرێت، هیچ گرفتێک لەو گواستنەوانەی سەرەوەدا نییە، هەرچەندە بە گواستنەوەیەکی سەرپشکییانە و ئارەزوومەندانە دائەنرێت.

واتە جگە لە (کەی)، (چی و چۆن)یش ئەتوانرێت جێگۆڕکێ بکەن لەگەڵ بکەری رستەکەدا، بەتایبەتی ئاوەڵکرداری چۆنێتی (چۆن) ئاسایی ئەتوانرێت بهێنرێتە سەرەتای رستەوە، بەڵام وەکو پێشتر خرایەڕوو، گواستنەوەیەکی سەرپشکانەیە.

٦/ دوو جۆر گواستنەوە (جووڵانەوە)١٦ دەستنیشانکراوە، کە بریتین لە ئارگومێنتیی A و نائارگومێنتیی A

١٣ . لەم رستە پرسیارییەدا کردارەکە رابردووی تێپەڕە، ئاسایی دەتوانێت مۆرفیمی رێککەوتن بە کۆتایی بەرکارەکەوە بلکێنرێت و رستەیەکی رێزمانیی دەربچێت.

١٤ . ئەم رستەیە، لە رووی رۆنانەوە هیچ گرفتێکی واتایی و رێزمانیی، بە ترۆپکردنی ئاوەڵکردار دائەنرێت، گرێ پرسەکە پرسیار لە کات ئەکات و ئاوەڵکرداریش، وەک یەکەیەکی نائارگومێنتی ئەتوانرێت بهێنرێتە پێشەوە. بڕوانە (سەعید ٢٠٢٠، ٣٠٨)

١٥ . ئەم رستەیەش هەم رێزمان درووستە، هەم واتا درووستیشە، بەڵام کەرەستەی نائارگومێنتیی کە گرێی پرسیی/ئاوەڵکرادربی چۆنێتیی جووڵەی کردووە، چونکە هیچ بەربەستێک لەو جۆرە جوڵانەدا نەبووە و نییە.

١٦ . (سەباح ڕەشید قادر) لە تێزی دوکتۆراکەیدا بە ناونیشانی (هەندێ لایەنی رێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە

، (سەباح ڕەشید) جووڵانی کەرەستەی بەرکار بۆ شوێنی بکەر، ئەڵێت جووڵانی ئارگومێنتیی؛ جووڵانی گرێی پرسیشی بە نائارگومێنتیی داناوە، بەو پێیەی ئەتوانرێت (cp ، spec) بە کەرەستەیەک پڕ بکرێتەوە، کە ئەرکی جیاوازی هەبێت. (قادر. ٢٠٠٩، ١٤٦)

٢٦- «أ- ئازاد، ئاری دەعوەت کرد.

ب-ئازاد، کێی دەعوەت کرد؟»

هیچ جووڵەیەک بە شوێنی (ئاری) نەکراوە، بەڵکو (کێ) کە نائارگومێنتییە لەهەمان شوێنی (ئاری) جێگیر ئەبێ. (قادر. ٢٠٠٩، ١٥٠)

دوو جۆر گواستنەوەی بەرکار هەیە، ئەویش هێنانە پێشەوەی بەرکار کە لە رستەی تۆپیکدا هەیە، جۆرێکی تری هێنانە پێشەوەی بەرکار هەیە لەڕووی لۆجیکەوە، کە ئەمیش بە دوو شێواز خۆی ئەنوێنێ، یەکەمیان لە رستەی کارا بزر و دووەمیشیان وەک بکەری رێزمانی کرداری رابردووی تێنەپەڕی ڕوودان.١٧

٧/ (تالیب حسێن) لە توێژینەوەیەکدا، ئەوەی خستووەتەڕوو، لە پرسیارکردندا دوو راستیی هەن، یەکێکیان سینتاکسییە، هەرچی راستیی سینتاکسییە، یان پێکهاتەی سینتاکسییە بریتییە لەو زانیارییانەی، بەهۆیەوە ئەتوانرێت رستەی پرسیاریی تێدابرێژین، سەرەڕای ئەوەی ئەو زانیارییانە رۆنانی ژێرەوەی رستەی پرسیارمان بۆ روونئەکاتەوە. (تا ئێرە لە (ویتمان Whitman) وەرگیراوە)... «راستی واتاییش لە پرسیارکردندا بریتییە لە داواکردنی یان وەرگرتنی هەواڵ و زانیاریی و تێگەیشتنە لەبارەی شتێک یان کەسێک یان رووداوێک پێشتر لای قسەکەر/پرسیارکەر نەزانراوبێت» (علی ٢٠١١، ٣٦٤)

٨/ (تارا موحسین) لە تێزی دکتۆراکەیدا، ئاماژەی بەوە داوە و ئەڵێت: «زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژەئەدەن بەوەی، کە جووڵان یان گواستنەوەی بەخورتیی لە زمانی کوردیی دا نییە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە زمانی کوردیی ش هەروەک زمانەکانی تر جووڵانی بەخورتیی تێدایە .... چونکە زمانی کوردیی ش هەروەک زمانەکانی تر ئەلەمێنت/ئایتمەکانی لە ژماردن (N)ەوە وەرگیراون و خراونەتە رستەوە.» (قادر: ٢٠١١، ١٠٠)

ئەم بۆچوونە نوێیەی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کە ئایتمە فەرهەنگییەکان خاوەن فیچەرن و فیچەرەکانیش پێویستیان بە پشکنینە، پشکنینی فیچەرەکانیش لە ئەنجامی جووڵانەوە روودەدات، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هییچ نموونەیەکی نەخستووەتەڕوو، پرۆسەی گواستنەوەی بە خورتیی شیکار نەکردووە.

٩/ (ئازاد ئەحمەد) دوو جۆر لە یاسای گواستنەوە خستووەتەڕوو١٨، کە یەکەمیان یاسا سەرپشکییەکانە، لە هەشت جۆر یاسا پێکهاتووە، لەوانە؛ باسمەند، جێگەگرتنەوە، لابردن، گواستنەوی بکەر بۆ دوای کردار لە رستەی نسادەدا، گواستنەوەی بەرکار بۆ دوای کردار لە رستەی نسادەدا، گواستنەوەی لاڕستە ئەدڤێربڵییەکان لە رستەی نسادەدا، گواستنەوەی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان لە سنوری فرێزی کرداریی رستەی سادەدا). دووەمیان یاسا بەخورتییەکانە، کە ژمارەیان کەمترە، لەوانە؛ گواستنەوەی جێناوی کەسیی کردار بۆ

(GB) لەزمانی کوردیدا).

١٧. کرداری رابردوو/رانەبردووی تێنەپەڕی روودان، ئەو کردارانە دەگرێتەوە، کە لەڕووی رۆنانیانەوە کۆتایی بە پیتی (ڤاوڵ)ی درێژ هاتووە، وەک سووتا، برژا، رما، رووخا ....هتد. بکەری ئەم کردارانە لە رووی لۆجیکەوە هەمیشە بەرکارن. بۆ نمونە (چیی سووتا؟ پووشەکە سووتا.).

١٨ . (ئازاد ئەحمەد حسێن) لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (یاساکانی گواستنەوە بە گشتیی لە شێوەزاری سلێمانی دا) کە لە ساڵی (٢١٠٢) بڵاوبووەتەوە.

سەر بەرکار لە کاتی رابردوودا، گواستنەوەی بەرکار بۆ شوێنی بکەر لە رستەی بکەرنادیاردا، بەجێناوی خۆیی کردنی دەرخەر. (حسەین ٢٠١٢، ٣٦-٤٥)

پێویستە ئەوە بوترێت، کە ئەمە فراوانترین کارە لە سەر گواستنەوەی سینتاکسیی ئەنجام درابێت، بەڵام لەجێگەگرتنەوەدا، ئەم نموونەکانەی خستووەتەڕوو، کە جێگەی سەرنجن:-

٢٧- «خوێندکارە زیرەکەکان هاتن. زیرەکەکان هاتن.

٢٨- مرۆڤە شێتەکە هات. شێتەکە هات.» ... (حسەین ٢٠١٢، ٣٧)

ئەوەی تێبینیی ئەکرێت ئەوەیە، لەو نموونانەی سەرەوە؛ گرێ ناوییەکان دیارخراوەکانیان بەهۆی ئابووریکردنەوە دەرنەبڕاون، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو دیارخەرانە ناتوانن جێی دیارخراوەکان بگرنەوە، چونکە ئەشێت دیارخراو (± مرۆڤ) بن بۆ نموونە (- ئەسپە شێتەکە هات.) ، (ئاژەڵ/مەیمون/ توتیی/ دۆلفینە زیرەکەکان هاتن.) واتە دیارخراوی گرێکە لە ئاوەزی قسەکەری زمانەکەدا هەستپێکراوە، لە LF دا تۆمارکراوە، بەڵام فۆرمی فۆنەتیکییەکەیPF دەرنەبڕاوە، بەڵگەش بۆ ئەمە بوونی رێککەوتنە کە بکەر یان بەرکارەکەی لەڕووی ژمارە و کەسەوە بە کرداری رستەکەوە لکاوە.

لە وەڵامی بۆچوونەکاندا دەڵێین: چۆمسکیی دوو جۆر گواستنەوەی دیاریکردووە، ئەوانیش گواستنەوەی ئارەزوومەندانە و گواستنەوەی نائارەزوومەندانە(خورتیی)، کە ئەمەی دووەمیان تایبەتە بە جووڵەی گرێی پرس لە رستەی زمانی ئینگلیزیی دا بە شێوەیەکی رێکوپێک جێبەجێ ئەکرێت رستە لە هەواڵگەیاندنەوە ئەگۆڕێت بۆ رستەی پرس، بەمەش ئەوترێت گواستنەوەی خورتیی. لەمەوە بۆمان روون ئەبێتەوە، کە ئەم جۆرە گواستنەوەیە واتا و چەمکی رستە لە هەواڵگەیاندنەوە ئەگۆڕێت بۆ پرس. ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیی دا بەدیناکرێت، چونکە کاری یاریدەدەر رۆڵ لەو جۆرە گواستنەوەیەدا ئەبینێت، کاری یاریدەدەریش بەو شێوە فراوانەی زمانی ئینگلیزیی لە زمانی کوردیی دا بوونی نییە، هەر ئەمەش وایکردووە زۆرێک لە زمانەوانەکان بڵێن دارشتەی رستەی پرسیاریی لە زمانی کوردیی دا بوونی نییە! پوختەی تیۆرەکەی چۆمسکیی بەمشێوەیەیە: [رۆنانی قووڵ => گواستنەوە => رۆنانی رووکەش]

لەم ساتەدا، پێئەچێت تیۆرییەکە تەواو جیاواز بێت، بەڵام سێ پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ئەبێت هەبێت، ئەوانیش؛ فەرهەنگ، رۆڵەکانی رۆنانی گرێ، گواستنەوەکان. ئێمە هەمیشە رۆڵەکانی رۆنانی گرێ بۆ درووستکردنی رستەی بنجیی (رۆنانی قووڵ) بەکار ئەهێنین. (farrokhpey ,١٩٩٩ ١٠٩)

٢/ گواستنەوەکان لە زمانی کوردیی دا:

٢-١/ گواستنەوە سەرپشکییەکان:

سەرەتا ئاماژە بەوە کرا، کە گواستنەوە رێگە خۆش ئەکات بۆ لابردن و جێگۆڕکێی کەرەستە، بۆیە ئەتوانرێت، بگوترێت؛ هەرچی گواستنەوەی ئارەزوومەندانەیە لە زمانی کوردیی دا هەیە، کە لە چەند بنەماو دیاردەیەکی لاوەکیی پێکهاتوون، ئەوانیش: (لابردن Deletion، جێگرتنەوە Replacement، کورتکردنەوە Reduction، زیادکردن Addition، فراوانکردن Expansion، رێکخستنەوە Permutation ، پێشخستن topic). (کمال ٢٠٠٢، ٥٨-٥٩)

/ گواستنەوە بە لابردن Deletion١٩:

لابردن رۆڵێکی سینتاکسییە، کە بەهۆی بەشێکی درووستەی سینتاکسییەوە بونیاد ئەنرێت. (واتە بەهۆی لابردنی کەرەستەیەکەوە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا) لە رستەی پرسیاریدا ئەکرێت دیاردەی لابردنی وشە پرسیارییەکانی پارتیکڵی (ئایا ، ئەرێ ، ئاخۆ) جێبەجێ بکرێت.

٢٩-أ- ئەرێ مناڵەکە رۆیشت؟

Ø مناڵەکە رۆیشت؟

لێرەدا ئەتوانرێت (ئەرێ) لابرێت و ئاوازی رستەکە لە کۆتایی گرێ کردارییەکەدا بەرزبکرێتەوە و، هەمان چەمکی پرس ئەگەیەنێت.

٣٠- ئایا ئەو/pro هاتØ.




٣٠- أ- ئایا ئارام زیرەکە؟

ب- Ø ئارام زیرەکە؟




واتە ئەگەر وشە پرسەکە بەشێک بێت لە دارشتەی رستەی پرس لە زمانی کوردیی دا، ئەوا ئەکرێت بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاوازی دەربرینەکەیەوە، بە بێ درکاندنی وشە پرسەکە، مەبەستی پرسکردن بەدی بێت.٢٠

٢-١-٢/ گواستنەوە بە جێگرتنەوە Replacement:٢١

لەم گواستنەوەیەدا گرێیەک ئەچێتە جێکەوتەی گرێیەکی تر و هەمان رۆڵی رێزمانیی ئەبینێت. بۆ نموونە کاتێک جێناوی خۆیی لە جێکەوتەی بەرکار وەک بۆگەڕاوەیەک، کە (بکەر) و (بەرکار) ئاماژە بۆ یەک کەس بکەن و لە بری بەرکار ئەشێت جێناوی خۆیی بەکاربهێنرێت. (دزەیی ٢٠١٣، ٩٢) ئەم جۆرە لە جێناوی

١٩ . بڕوانە (Radford 2006، ٩٠).

٢٠ . بۆ زانیاری زیاتر، دەربارەی ئاوازەی رستە، بڕوانە نامەی ماستەری (س. حەمەد ٢٠١٤، ٩٥)

٢١ . بڕوانە (fakih 2012, 45)

خۆیـی بـە رەنگدەرەوەییـش نـاسراوە، کردارەکـە، یـان بارەکـە رەنگدانـەوەی بـە سـەر بکـەر و بـەرکاردا ئەبێـت و رۆڵـی رێزمـانی بـەرکار ئەبینێـت. (قـادر. ٢٠٠٩، ١٢٩)

٣١- أ- کێ کێ ئەشوات؟ (جێکەوتەی بەرکار وشەی پرسە)

ب- کێ خۆی ئەشوات؟ (جێکەوتەی بەرکار جێناوی خۆییە)

لێـرەدا ئەتوانرێـت رستـەیەکی پرسـیاری لـەم شـێوەیەش هەبێـت و جێنـاوی خۆیـی لەبـری وشـە پرسـەکەی رسـتەی (٣١-أ) رسـتەی (٣١-ب) بەکاربهێنرێت.

٢-١-٣/ گواستنەوە بە کەمکردنەوە Reduction:

ئەمجۆرە گواسـتنەوەیە ئەچێتـە نـاو چێـوەی ئابوریکردنـەوە، لەزمـانی قسـەکردندا قسـەکەر هەمیشـە هەوڵـئەدات بـە کەرەسـتەیەک کەمـتر واتایەکـی تـەواو دەردەبڕرێـت.

٣٢- ئایا تۆ هاتوویت؟

وەڵام/ بەڵێ (من) هاتووم.

لـە وەڵامـی رسـتەی پرسـیارییەکەی (٣٢)دا ئەکرێـت جێنـاوە سـەربەخۆکە دەرنەبڕدرێـت و، بـە رێککەوتنەکـە بکـەری رستە بنوێنێت. وەک دەبینرێـت ئـەم جۆرە گواسـتنەوەیە لەگـەڵ گواسـتنەوە بـە لابـردن زۆر لەیەکترییـەوە نزیکـن، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ لابـردنی بکـەر لـە زمـانی کوردیـی دا.

٢-١-٤/ گواستنەوە بە زیادکردن Addition:

بـە زیادکـردنی کەرەسـتەیەک گواسـتنەوەکە ئەنوێنرێـت، (کـێ) زیادکـراوە. ئەتوانرێـت لـە رسـتەی ٢٣(-أ)دا بکـەر دەرنەبڕدرێـت، بـەڵام بـۆ پرسـیاری وشـەی پـرس، کـە رۆڵـی جێنـاو ئەبینێـت دەربکەوێـت، ئەگینا رسـتەی پرسـیاری، کـە داوای زانیاریـی لەگوێگـر ئـەکات بـە بـێ بەکارهێنـانی (کـێ) درووسـت نابێـت.

٣٣-أ- (pro) خانووەکەی بە دڵ بوو.

ب- کێ خانووەکەی بەدڵ بوو؟

٢-١-٥/ گواستنەوە بە فراوانکردن Expansion:

ئـەم جـۆرە گواسـتنەوەیە بـە فراوانکـردنی گرێی ناویـی و پێشـناویی و کرداریەکان بـە کەرەسـتەیەکی نائارگومێنتیی، بـۆ ئـەوەی واتاکـەی رستەکە لـە لای گوێگر سـاناتر بێت.

٣٤-أ- ئەو پیاوە کێیە؟

ب- ئەو پیاوە بەڕێزە برای کێیە؟

٢-١-٦/ گواستنەوە بە رێکخستنەوە Permutationی کەرەستەکان:

دەربڕینـی رسـتەیە زۆرجـار، بـە هـۆی پەلەکردنـەوە لـە کاتی دواندنـدا رێکخسـتنێکی تـری هەیـە، بـەڵام بەهـۆی رێکخسـتنەوە جـاری دووەم دەربڕینەکـە بـە پێـی جێکەوتـەی بەشـە ئاخاوتنەکانـەوە رێکدەخرێنـەوە، ئەمـەش تاڕادەیـەک لـە گواسـتنەوە بـە پێشخسـتن (topic)نزیکـە.٢٢ ئـەم کردەیـە لـە رێزمانـدا رێگەپێـدراوە، چونکـە جوڵێـنراو گرێـی ئاوەڵکردارییـە.

٣٥-أ- شەوی رابردوو کێ میوانی من بوو؟ شەوی رابردوو ئەو پیاوە میوانی من بوو.

٢٢ . بـۆ زانیـاری بڕوانـە: محمـد بـو عمامـة، أصـول النحـو التحويلي: ص١٠٧. (مجلـة جامعـة الباتنـة للعلـوم الانسـانية، العـدد ٥، الصفحـات(١٠٢-١٢٠)

ب- کێ شەوی رابردوو میوانی من بوو؟ ئەو پیاوە شەوی رابردوو لای من بوو.

٢-١-٧/ گواستنەوە بە پێشخستن/باسمەند topic:

گواستنەوە رۆڵێکی سینتاکسییە بۆ جووڵاندنی بەشێکی رۆنانی ناو پێکهاتە درەختییەکە و بەرزکردنەوەی بۆ جێکەوتەیەکی تری ناو پێکهاتە درەختییەکە.

٣٦-أ- کێ کتێبەکەی خوێندەوە؟

ب- کتێبەکە کێ خوێندییەوە؟




دیاردەی پێشخستن لە رستەی لێکدراویشدا دەرئەکەوێت، هەروەکو ئەو رستەیەی خوارەوە، ئەکرا پرسیارکەر رستەیەکی سادە لە شێوەی (من کێم بینی؟) دەرببڕدرایە، بەڵام لە بەر گرنگیی کەسەکە و تیشک خستنە سەر بە مەبەست کەسی بیراو هێنراوەتە پێشەوەی رستەکە.

٣٧- کێ بوو، (من) بینیم؟ (من کێم بینی؟)

٣٨- کوا کوڕەکەتان؟ (کوڕەکەتان لەکوێیە؟)

گواستنەوەی سەرتۆپ بۆ سەرەتای قورسایی خۆی هەیە لەکاتی گفتوگۆدا، وەکو ئەو دوو رستەیەی سەرەوە، کە لە دەربڕینێکی هەڵچوونییدا وشە پرسەکە پێش ئەخرێت.

٣٩-أ- (pro) پێتوایە، ئازاد کوڕێکی بەتوانا بێت؟

ئازاد کوڕێکی بەتوانایە، (pro) پێتوانییە؟

لە رستەی (٣٩-أ ، ب)دا، کە لە فۆرمی کلکە پرسیاردان ئاسایی بە هۆی هێنانە پێشەوەی شارستەکەوە، بۆ بەهەند وەرگرتنی رای گوێگر، هێنراوەتە پێشەوە، ئەم جووڵەیەش وەکو هەموو گواستنەوەکانی پێشتر سەرپشکییانەیە.

٢-٢/ گواستنەوە بەخورتییەکان:

لە بەرانبەر جووڵەی سەرپشکانە هەندێک جووڵەی تر هەن لە زمانی کوردیی دا، خورتییانە جووڵەیان پێئەکرێت، خودی ئەم جووڵانە لە زمانی کوردیی دا، تا رادەیەک جیاوازن لەگەڵ جووڵە سینتاکسییەکانی زمانی ئینگلیزیی دا، چونکە جووڵە سینتاکسییەکانی زمانی ئینگلیزیی جۆری رستەکە لە هەواڵییەوە ئەگۆڕێت بۆ پرسیاریی. لە زمانی کوردییدا کە یاسای (بکەر + بەرکار + کردار)ە. گواستنەوەی بەخورتیی سنووردارە، وەک؛

٢-٢-١/ نادیاریی

پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کرا، کە زمانی کوردیی هاوشێوەی زمانی ئینگلیزیی٢٣، لە رستەی سادەدا گواستنەوەی خورتیی نییە، چونکە لە زمانی ئینگلیزیی دا لە رستە سادەکاندا کرداری یاریدەدەر (Auxiliary Verb)، کە ژمارەیان (٢٣) دانەیە، بۆ دروستکردنی رستەی پرسیاریی دێتە پێش بکەری رستەکە و رستەی پرسیاریی سازئەکات، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو وشانەی لە فەرهەنگدا وەک ئایتمێکی فەرهەنگیی لە رۆنانی قووڵی زمانی کوردیی دا خاوەنی فیچەری واتایی خۆیانن، لە رۆنانی رووکەشدا هیچ جووڵەیەک نەنوێنن. بڕوانە (قادر: ٢٠١١) بۆ نموونە بەرکاری لۆجیکی کرداری (بکەرنادیار/ کارا بزر)، کە جێگری بکەرەکانیان هەمیشە وەک بکەرێکی رێزمانیین لە رۆنانی رستەی بکەرنادیاردا، چونکە «لە رستەی بکەرنادیاردا کارا لا ئەبرێ و لە شێوەی کەرەسەیەکی تری رستەدا دەرناکەوێتەوە». (بەرزنجی ٢٠٠٨، ١٣٣) ئەگەر لەم نمونانەی خوارەوە وردببینەوە:-

| رابردوو/ تاک | رابردوو/ کۆ | رانەبردوو/ تاک | رانەبردوو/کۆ |
|---|---|---|---|
| ٤٠- چی رووخێنرا؟ | کامانە رووخێنران؟ | – چی ئەڕووخێنرێ؟ | کامانە ئەڕووخێنرێن؟ |
| - دیوارەکە رووخێنراØ. | دیوارەکان رووخێنران | - دیوارەکە ئەڕووخێنرێت. | دیوارەکان ئەڕووخێنرێن. |
| ٤١- کێ بینرا؟ | کێ و کێ بینران؟ | – کێ ئەبینرێت؟ | کێ و کێ ئەبینرێن |
| – من بینرام. | ئێمە بینراین. | – من دەبینرێم. | ئێمە ئەبینرێین. |
| – تۆ بینرایت. | ئێوە بینران. | – تۆ ئەبینرێیت. | ئێوە ئەبینرێن. |
| – ئەو بینراØ. | ئەوان بینران. | – ئەو ئەبینرێت. | ئەوان ئەبینرێن. |

ئەوە دەرئەکەوێت، کە جێگری بکەرەکان رۆڵی بکەرێکی رێزمانییان بینییوە، بەو پێیەی لەگەڵ کردارە نادیارییەکاندا لە رووی ژمارە و کەسەوە رێککەوتوون٢٤، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارا (Agent) لە رستەی (٤٠ و ٤١) دیارنیین، لە ئەنجامی پرۆسەی نادیارییەوە، بۆ هەندێک مەبەست ونکراون، هەر لەبەر ئەوەشە زاراوەی (کارا بزر) لە (بکەر نادیار) بە گونجاوتر دائەنرێت، چونکە بکەر مەرج نییە کارا بێت و دۆخ وەربگرێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئەگەر ئەو رستانە بگۆڕین بۆ بکەردیار، ئەوا ئەو جێگری بکەرانە دۆخی بەرکارییان ئەبێت، کە لە لایەن گرێ کردارییەکەوە پێیدراوە. ئەم دیاردەیەش تەواو جیاوازە لەگەڵ بە لوتکەکردنی بەرکاردا.٢٥

٢-٢-٢ / رستەی ئاڵۆز

٢٣ ) تەنانەت داڕشتەی پرسیار لەلای مناڵێکی (ئینگلیز) بەچەند قۆناغێکدا ئەڕوات، هەتا دەگاتە ئاستی نمونەیی:- أ) لەم قۆناغەدا بە وشە پرسیارییەکانی (wh-) دەستپێئەکات، وەکو؛ (where کوا ، who کێ، کە سەرەتای دەربڕینەکەی بە ئاوازێکی نزمەوە بۆ بەرز بە ئاڕاستەی کۆتایی رۆنانی رستەکە ئەڕوات. نموونە where kity؟ کوا پشەکە؟. ب) لەم قۆناغەدا ئاوازەکە بە هەمان شێوەی قۆناغی یەکەم لە نزمەوە بۆ بەرز، بە بەکارهێنانی وشە پرسیارییەکانی؛ (why بۆچیی، what چی). بۆ نموونە what book name؟ کتێبەکە ناوی چییە؟ why you smiling؟ بۆچیی تۆ پێدەکەنیت؟. پ. لەقۆناغی سێیەمدا گواستنەوەی کرداری یاریدەدەر لە قسەکردنی مناڵدا دەرئەکەوێت. بۆ نموونە I can have ....... ، Can I have ....؟. ئایا ئەتوانم ئەو..........ە بەدەستبهێنم؟ بڕوانە (Yule 2006, 156-157)

٢٤ . بە واتا رێککەوتنی کەسیی بەرکار لەگەڵ جێناوی رێککەوتنی کرداری نادیارییدا، بە پێچەوانەی بکەر دیارەوەیە، کە رێککەوتنەکەیان لە نێوان بکەر و کرداردایە.

٢٥ . د. موحەمەد مەعروف فەتاح، لە توێژینەوەی (باس لە جۆرێک رستەی کوردیدا) دا کە لە ژمارە ١٢٨ی ساڵی ١٩٩٢) بە رستەی باسمەند ناوی بردووە.

رستەی ئاڵۆز، لە زمانی کوردیی دا لە دوو رستە پێک دێت، یەکێکیان سەرەکی (شارستە) یەو ئەوی تریشیان لاوەکیی (پارستە)یە، کە پارستە بەشێکی شارستەکە فراوان ئەکات و ئەبێتە دیارخەرێک، لایەنێکی ئەو نادیارییە دەرئەخات، یان پارستەکە خۆی رۆڵی جێکەوتەی یەکێک لە بەشەکان/جێکەوتەکانی شارستەکە ئەگرێتەوە. (ڕەسول ١٩٩١، ٨٠) هەروەها تێپەڕیی کرداریش، لە دەسپێکی رستەی ئاڵۆزدا رۆڵی لە هێنانی رستەو پارستە هەیە، چونکە کرداری تێپەڕ لە سادەترین فۆرمدا کەتیگۆرییەکی بەرکاریی و کەتیگۆرییەکی بکەریی ئەوێت. (مەعروف. ٢٠٠٩، ٨٥) کرداره تێپەڕەکانیش ئەبن بە بنەمای دروستبوونی رستەی بکەرنادیاریی، ئەوەی مەبەستە لەم توێژینەوەیەدا گرێی کرداریی (ئەزانرێت)ە کە جێکەوتەی جێگری بکەر بۆ شوێن پێی جێگری بکەر جێ ئەهێڵرێت، کە خورتییانە چووەتە دوای کردارەکەوە لە شێوەی پارستەی ناویی، بۆ نموونە:

٤٢- أ- (ئەوە/pro) ئەزانرێت، (کە) کێ زیرەکە.

ب- (ئەوە/pro) ئەزانرێت، (کە) کێ تێ ئەکۆشێت؟

لەرستەی (٤٢-أ، ب)دا ئەزانرێت، کردارێکی کارا بزرە، بەڵام جێگری بکەرەکەی، کە (رستەیەکی شوێنکەوتووی ناوییە) ئەبوو بچووایەتە پێش کردارەکەوە، بەڵام خورتییانە چووەتە دوای کردارەکەوە. هاوکات ئەشێت شوێن پێیەکی پارستە ناوییەکە لە پێشی گرێی کرداریی (ئەزانرێت) هەبێت، کە ئاماژەیە بۆ پارستە ناوییەکە. وەک (- ئەوە) ئەزانرێت، کە ....) جێناوی ئاماژەی (ئەوە) کۆپییەکی پارستەکەی دوای گرێ کردارییەکەیە.

پ- من ئەزانم، کە کێ هەوڵ ئەدات؟

لە رستەی (٤٢-پ)دا رستە سەرەکییەکە کەوتووەتە پێش رستە شوێنکەوتووە بەرکارییەکە، چونکە «پارستەی بەرکاریی ناکەوێتە پێش رستەی سەرەکیی». (موکریانی. ٢٠٠٤، ١٧) هەروەها رێگەدان بە گواستنەوە لەناو رۆنانی رستەی ئاڵۆزدا ئەوە دەرئەخات، کە ئەو جۆرە رستەیە وەک رستەی سادە هەڵسوکەوت بکات، (من ئەزانم)یش نابێتە بەربەست لەبەردەم ئەو جۆرە گواستنەوەیەدا. بڕوانە (مەعروف. ٢٠٠٩، ١٣٤)

ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا ئەوە روونبووەوە، کە هەردوو جۆرەکەی گواستنەوە لە زمانی کوردیی دا هەیە، ئەوانیش گواستنەوەی سەرپشکیی و خورتییە، کە لە زمانی کوردیی دا گواستنەوە سەرپشکییەکان ژمارەیان لە جۆرەکەی تری گواستنەوە زیاترە.

بۆ یەکەمجارە پەردە لە سەر هەبوونی گواستنەوەی بەخورتیی، بە تایبەت لە رستەی کارا بزر و رستەی ئاڵۆزدا بەرجەستەکراوە، کە شاڕستەکەی، جێکەوتەی جێگری بکەر ئەشێت بە (ئەوە) یان (pro)یەک پڕبکرێتەوە، کە ئاماژەیە بۆ پارستە ناوییەکەی دوای شاڕستەکەوە، (کە رۆڵی جێگری بکەری هەیە).

هەروەها ئەگەر هاتوو کرداری شاڕستەکەی لەرووی هێزەوە تێپەڕ بێت، ئەوا پارستەی دوای شاڕستەکە رۆڵی بەرکار ئەبینێت، بەمەش ریزبوونەکە بەبێ خواستی قسەکەری زمان ئەبێت بە (بکەر+کردار+ بەرکار)، کە ئەبوو بەرکار لەپێش کردارەوە بێت.

ئاوەڵکرداری پرس وەک کەرەستەی سەربار لە رستەی زمانی کوردیی دا، کە کات و شوێن و چۆنێتیی رووداني کردارەکە دەخەنەڕوو، هاوکات بەربەستی دۆخپێدانیان هەیە، بۆیە ئاسایی ئەتوانن شوێنی خۆیان بگۆڕن

و بجوڵێـن.

سەرچاوەکان :

به زمانی کوردی

بەرزنجی, فەرەیدون عەبدول. ٢٠٠٨. نادیاری. سلێمانی : چاپخانەی ڕۆمان.

حاجـی, ڤیـان سـلێمان. ٢٠٠٧. کەرەسـە بەتاڵـەکان لەڕوانگـەی تیـۆری دەسـەڵات و بەسـتنەوە (شـێوەزاری کرمانجی سـەروو). هەولێـر: کۆلێجـی زمـان ، زانکۆی سـەلاحەدین.

حسـەین, ئـازاد ئەحمـەد. ٢٠١٢. "یاسـاکانی گواسـتنەوە بەگشـتی لـە شـێوەزاری سـلێمانیدا." گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی ژمـارە (٣٤) ٢٩-٤٨.

دزەیـی, عەبدولواحیـد موشـیر. ٢٠١٣. رستەسـازی رۆنانـکاری و گوێزانـەوە. هەولێـر: ناوەنـدی ئاوێـر بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە.

ڕەسول, عەبدوڵا حوسێن. ناکردن له کوردیی دا. هەولێر: کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین, ١٩٩١.

سـەعید, سـازان زاهیـر. ٢٠٢٠. نوانـدنی سینتاکسـیی لـە زمـانی کوردیـی دا. سـلێمانی: ناوەنـدی سـارا بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە.

علی, طالب حسین. ٢٠١١. "رستەی پرسیار له زمانی کوردیی دا تێڕوانینێکی سیماسینتاکسی." زانکۆ ٣٦٣-٣٨٥.

فتاح, محمد معروف. ٢٠١١. زمانەوانی. هەولێر: چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم.

قادر, أبوبکر عمر. ١٩٩٣. پرسیار له زمانی کوردیی دا. هەولێر: کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.

قادر, تارا موحسین. ٢٠١١. زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام. سلێمانی: کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

قـادر, سـەباح ڕەشـید. ٢٠٠٩. هەنـدێ لایـەنی ڕێزمـانی دەسـەڵات و بەسـتنەوە (GB) لەزمـانی کوردیـی دا. هەولێـر: چاپخانـەی حاجـی هاشـم.

قـادر, کاروان عومـەر. ٢٠٠٨. رسـتەی باسـمەند لـە زمـانی کوردیـی دا. سـلێمانی: چاپخانـەی تیشـک ، مەڵبەنـدی کوردۆلۆجـی.

قـادر, ئەبوبەکـر عومـەر. ٢٠١٧. "شرۆڤەکـردنی رسـتەی زمـانی کوردی لـە ڕوانگەی تیۆری دەسـەڵات و بەسـتنەوەدا." زانکـۆی گەشـەپێدانی مرۆیـی ، بەرگی (٣) ، ژمـارە (٤) ١٢٨-١٥٨.

کمال, دیار علی. ٢٠٠٢. ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە. هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

موکریانی, کوردستان. ٢٠٠٤. سینتاکسی رستەی تێکەڵ. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس.

—. ٢٠٠٠. سینتاکسی رستەی کوردی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

مەحویی, محەمەدی. ٢٠٠١. رستەسازیی کوردیی. سلێمانی : زانکۆی سلێمانی.

مەحـوی, محەمـەدی مەحویـی و کاروان عومـەر قـادر و شـیلان عومـەر حسـین. دارشـتەی کـردار لـە زمـانی کوردییـدا بنەمـاو دیـاردە. سـلێمانی: زانکـۆی سـلێمانی, ٢٠١٠.

مەحویی, محەمەدی. ٢٠١١. بنەماکانی سینتاکسی کوردیی ، بەرگی یەکەم. سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.

مەعـروف,, عەبدولجەبـار مسـتەفا. دارشـتەی رسـتەی ئاڵـۆز لـە زمـانی کوردییـدا. سـلێمانی: کۆلێجـی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی, ٢٠٠٩.

مەعـروف, عەبدولجەبـار مسـتەفا. "پارامێتـەری سـەری ڕێزمانیـی لـە زمـانی کوردیـی و فارسـییدا." In لێکۆڵینـەوە لـە فەرهەنـگ و سینتاکسـی کوردیـی, by عەبدولجەبـار مسـتەفا مەعـروف, ٦-٣٤. سـلێمانی: چاپخانـەی سـارا, ٢٠٢٠.

مەعرووف, عەبدولجەبـار مسـتەفا. "نیشـانەکردنی سینتاکسـییانەو توخمییانـە لـە زمـانی کوردییـدا." In پارامێتـەری سـەری ڕێزمانیـی لـە زمـانی کوردیـی و فارسـییدا, ١٣٠-١٦٥. سـلێمانی: چاپخانـەی سـارا, ٢٠٢٠.

بە زمانی عەرەبی:

عكاشة, محمود. ٢٠٠٧. علم اللغة ، مدخل نظري في اللغة العربية. القاهرة، مصر: دار النشر للجامعات.

عمامـة, محمـد بـو. ١٩٩٦. "أصـول النحـو التحـولي في النحـو العـربي." مجلـة العلـوم الاجتماعيـة والانسـانية لجامعـة الباتنة ١٠٢-١٢٠.

مهران, ابتسام. ٢٠٢١. المرسال. ٢ ٢. Accessed ١١ ٢٧, ٢٠٢١. https://www.almrsal.com/post/٩٩٦٥١٧.

يـول, و.حمـزة بـن قبـلان المزينـى ، ن.جـورج. ٢٠١٤. دراسـة اللغـة. بيـروت، لبنـان: جـداول للنـشر والترجمـة والتوزيـع.

فارسی:

مقدم, محمد دبير. ١٣٨٩. زبانشناسي نظرري. تهان: انتشارات سخن.

ئینگلیزی:

Abney, Steven Paul. THE ENGLISH NOUN PHRASE IN ITS SENTENTIAL ASPECT. USA: DOCTOR OF PHILOSOPHY, MASSACHUSETTS INSTITUTE OF TECHNOLOGY, ١٩٨٧.

Black, Cheryl A. A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax. Mexico : SIL - Mexico Branch and University of North Dakota, ١٩٩٨.

fakih, Abdul hafeed. the syntax of questions in Modern Standard Arabic: A Minimalist Perspective. U.K: Lambert Academic Publishing, ٢٠١٢.

farrokhpey, Mahmud. government and binding Chomsky's language theory. tahran : university of cclorado, ١٩٩٩.

Kasper, Simon. A Comparison of thematic role theories. Germany: https://www.researchgate.net/institution/Heinrich-Heine-Universitaet_Duesseldorf, ٢٠٠٨.

Radford, Andrew. Minimalist Syntax Revisited. UK: http://courses.essex.ac.uk/lg/lg٥١٤, ٢٠٠٦.

UKEssays. Teaching language functions. ١١ ,١, ٢٠١٨. https://www.ukessays.com/essays/teaching/teaching-language-functions.php?vref=١ (accessed ١١ ٢٨, ٢٠٢١).

Yule, George. the study of language . cambridge : cambridge university press ٣d editition, ٢٠٠٦.

الخلاصة

هـذا البحـث، خصصـت للوقـوف عـلى بعـض جوانـب الكامنـة لأدوات الاسـتفهام في اللغـة الكرديـة، اسـتنادا لنظريـة التحكـم و والربـط لنعـوم تشومسـكي. تتألـف البحـث مـن فصلـين والنتائـج الحاصلـة، مـع عـرض قائمـة المصـادر،

تناول الفصل الاول جانب النظري للموضوع و عرض أبرز ما ورد في الدراسات السابقة، فيما خصص الفصل الثاني لتحويلات أدوات الاستفهام في الجمل الكردية من خلال تحليل مكونات الجمل وقد تم تحديد مسارين أثنين للتحويل الإجباري والاختياري. من الجدير بالذكر إن هذه التحويلات تتماشى مع التحويلات المتواجدة في اللغة الانجليزية من حيث المبدأ، الا ان التحويلات الاجبارية تكاد تكون محدودة في اللغة الكردية، إنها تتمثل في الجمل المبنية للمجهول والجمل المعقدة و تعتبر هذه خاصية الجمل الكردية التي تحتلف تماما مع جمل اللغة الانجليزية.

الكلمات المفتاحية: التحويلات، أدوات الاستفهام ، الجملة الاستفهامية، التحويلات الاجبارية، التحويلات الاختيارية.

Abstract

This study aimed to shed light on the question words in the Kurdish language according to the G.B theory, which consists of two sections, conclusions and a list of references. The first section is devoted to the theoretical background and other studies which are relevant to question words in the Kurdish language. In the second section, the transformations are divided into two types, optional transformation and obligatory transformation. In both situations, scientific and approval examples are given, which indicates that obligatory transformation exists in the Kurdish language as in the English language with some differences. The most important finding in this study is that .obligatory (syntactic) transformation applies to the Kurdish language

Key Words: transformation, question words, interrogative sentence, obligatory transformation, .optional transformation